christian peacemaker teams

# ئازادی ڕادەربڕین لە ژێر هەڕەشەدا

**دادگاکانی کوردستانی عێراق، لەڕێگەی بەکارهێنانی یاساوە، قسەکردن لەگەڵ کۆنسوڵخانەی ئەمریکاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ، بە کاری سیخوڕی لە قەڵەم دەدات**







**ڕاپۆرتێک دەربارەی دادگاییکردنەکەی ڕۆژی ١٥-١٦ی شوباتی ٢٠٢١ ی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڤەری بادینان: شێروان شێروانی، شڤان سعید، ئەیاز کەرەم، هاریوان عیساو گوهدار زێباری**

Suleimani, Iraqi Kurdistan ● cptiraq@cpt.org ● tel: (+964) (0) 770 291 6487
www.facebook.com/cpt.ik ● www.cptik.org

## پوختە

لە بەرواری ١٦ی شوباتی ٢٠٢١، دادگای تاوانەکان هەولێر بە تۆمەتی "سیخوڕیکردن" و "پیلانگێڕی بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و چالاکی دژ بە سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی"، بە پشتبەستن بە ماددەی ١ لە یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی کوردستان، پێنج ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تاوانبار لە قەڵەمدا. هەریەک لە ڕۆژنامەوانان شێروان شێروانی، ئەیاز کەرەم و گوهدار زێباری و چالاکوانان شڤان سەعید و هاریوان عیسا بە شەش ساڵ زیندانی سزادران.

ئەندامانی تیمەکانی بوونیاتنەری ئاشتی، کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بۆ مافی مرۆڤ، لە ڕۆژانی١٥ و ١٦ ی شوباتی ٢٠٢١چاودێری بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگایی کردنەکە بوون.

سی پی تی نیگەرانی قوڵی لەسەر بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسە دادگاییکردنە نادادپەروەرانەیە لەلا دروستبووە. کە هیچ بەڵگەو هۆکارێکی قایلپێکەر لەناو هۆڵی دادگادا پێشکەشنەکرا کە سزاکەیان بسەلمێنێ. بەم بڕیارە دادگا ئەوەی سەلماند، کە قسەکردن لەگەڵ نوێنەرایەتییەکانی کۆنسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ تاوانی سیخوڕین، کە ئەمە مەترسییە بۆ سەر چالاکی و توانای بەرگریکارانی مافی مرۆڤ کە کاریگەرانە لەم وولاتەدا کاردەکەن.

لەم ڕاپۆرتەدا ئەو بەڵگانە باسیان لێوەدەکرێت کە پێشکەش بە دادوەر کران و لەسەر ئەو تۆمەتانە ڕادەوەستین کە بە پشتبەستن پێیان، دادوەر سزای شەش ساڵ زیندانی، بۆ هەریەک لە شێروان شێروانی، گوهدار زێباری، شڤان سعید، ئەیاز کەرەم و هاریوان عیسا دەرکرد.

***

شێروان شێروانی ڕۆژنامەوان بەرگریکارێکی مافی مرۆڤی ناسراو و ڕێزلێگیراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە ڕابردوودا، لە لایەن نوێنەری وولاتان و ڕێکخراوەکان بانگهێشتکراوە بۆ قسەکردن لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لە کوردستان عێراق. ڕاستگۆیانە قسەی لەسەر گەندەڵییەکانی حکومەت کردووە و بەشداری لە چەندین چالاکی و خۆپیشاندانی ئاشتیانە کردووە لە نموونەی بۆردوومانەکانی سەر سنوور و پێنەدانی مووچە و ئازادی ڕۆژنامەگەری.
گوهدار زێباری، شڤان سعید، ئەیاز کەرەم و هاریوان عیسا بەشداربوون لەو چالاکیانەی دەرخەری گەندەڵیەکانی لایەنە سیاسیەکان بوون و قسەیان لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کردووەو بەشداری خۆپیشاندانی ئاشتیانەیان کردووە. هەر پێنجیان وەک "ڕۆژنامەوان و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بادینان" لەلایەن میدیاوە ناسێنراون هەندێ جاریش بە "زیندانیانی بادینان" ناودەبرێن.

# ڕێکارەکانی دادگا

هۆڵی دادگاییەکە بە دەیان چەکداری سەر بە هێزە ئەمنییەکان دەورەدرابوو کە چوونە ژوورەوەیان سنوردارکردبوو. ئەوەی بۆی هەبوو بچێتە ژووری دادگاییکردنەکەوە تەنیا داواکاری گشتی، دووان لە پارێزەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان "کە لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجامدابوو هەروەها بەڵگەکانیان دەخستەڕوو دژی تۆمەتباران"، پارێزەرانی بەرگریکار[1]، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان[2]، نوێنەرانی یونامی، سی پی تی و ڕێکخراوێکی دیکە و ڕۆژنامەوانێکی بیانی. ئەندامانی خێزانەکان ڕێگریان لێکرا بێنە ژوورەوە و لە دوورەوە دەیانتوانی زیندانیان ببینن ئەویش ئەو کاتەی کە لە دووەم ڕۆژدا، زیندانەکانیان لە هۆڵی دادگاییەکەوە گواسترانەوە بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکان.

دادگا شێروان شێروانی بەوە تۆمەتبارکرد کە سەرکردایەتی گرووپێکی کردووە بۆ سیخوڕیکردن و پلاندانان بۆ تیرۆرکردن و ئەنجامدانی هێرشی توندوتیژی دژ بە بەرپرسانی حکومی و ئەندامانی هیزە ئەمنییەکان و ڕێکخراوە بیانییەکان.

**ئەو بەڵگانەی کە لە دژی ئەو چالاکوان و ڕۆژنامەنوسانە پێشکەشکران بۆ تۆمەتبارکردنیان بە کاری سیخوڕی بەم جۆرەی خوارەوە بوون:**

**شێروان شێروانی** تۆمەتبارکرا بەوەی کە:

- لە پەیوەندیدا بووە و زانیاری ئاڵوگۆڕکردووە لەگەڵ نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆکاروباری عێراق UNAMI، کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەوانان، دەزگای باڕی ئەمریکی و تیمەکانی بوونیاتنەری ئاشتی مسیحی.
- گرتنی چەند وێنەیەکی جۆراوجۆر بۆ کاری ڕۆژنامەوانی خۆی، کە لە مۆبایلەکەیدا بووە لە خەڵکانی ترەوە پێی گەیشتووە یان ناردوویەتی، کە لە لایەن داواکاری گشتییەوە وەک بەڵگەی سیخوڕی پێشکەشکران. لە نێو وێنەکاندا وێنەی زیندانی نهێنی هەبوو کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت, هەروەها وێنەی فڕۆکەخانەیەکی سوریاش لەناو وێنەکاندا هەبوو.

**گوهدار زێباری** تۆمەتبارکرا بەوەی کە:

- لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا، لەگەڵ چوار کەسی تردا، سەردانی کۆنسوڵی گشتی ئەمریکای کردووە لە هەولێر. کۆبوونەوەکە لەلایەن ئەیهان سەعید[3] ڕێکخرابوو، کە برای شڤان سەعیدە. ئەیهان

1 پارێزەرەکەی گوهدار زێباری لە یەکەم ڕۆژدا ڕێگریلێکرا بێتە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵی دادگاییەکە
2 دوو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم ڕۆژ وەک چاودێر ئامادەبوون لە ڕۆژی دووەم سیانی تریش ئامادەبوون
3 لە ئێستادا دادگا فەرمانی بۆ دەستگیرکردنی ئەیهان سعید دەرکردووە سەبارەت بە هەمان کەیس

بە سی پی تی ڕاگەیاند کە لەو  کۆبوونەوەیەدا گرووپەکەیان باسیان لە خراپی ڕەوشی مافی مرۆڤ و ٤٢ ڕۆژ زیندانیکردنی شێروان شێروانی کردبوو کە لەسەرەتای ئەو ساڵەدا زیندانیکرابوو.

- داوای لە هەرێم ڕەفعەت "کە یەکێکە لە پارێزەرانی بەرگریکار" کردبوو، وێنەو ناوی ئەو دادوەرەی بۆ بنێرێت کە بڕیاری دەستگیرکردنی شێروان شیروانی دەرکردبوو لە ساڵی ٢٠٢٠.

**شڤان سعید** تۆمەتبارکرا بەوەی کە:

- داوای لە گوهدار زێباری کردبوو کە "سی ڤی" شێروان شێروانی بۆ بنێرێت کە بەنیازبووە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە تایبەتمەندیەکانی مافی مرۆڤ قسە لەسەر دەستگیرکردنی شێروان شێروانی بکات.
- حەواڵەکردنی نامەیەک بۆ شێروان شێروانی لە "ماسنجەر" کە وێنەی فەرماندەیەکی ناسراوی ئەنجومەنی ئاسایشی تێدابووە.

**ئەیاز کەرەم** تۆمەتبارکرا بەوەی کە:

- وەرگرتنی بڕی ٢٠٠ دۆلاری ئەمریکی لەلایەن خزمێکی کە لە دەرەوەی وولاتە، هەروەها چەند کارتێکی مۆبایل کە لەلایەن چەند هاوڕێیەکیەوە بۆی نێردرابوو. ئەیاز لەو کاتەدا بێ کار بووە و ئەمەش شێوازێکی باوە کە هاوڕێکان لە ڕووی داراییەوە پشتیوانی یەکتری دەکەن، بە تایبەتی لە بۆنە ئایینییەکاندا بۆ نموونە لە جەژندا.
- لەسەرەتای ٢٠١٩دا، دوای بۆردوومانە ئاسمانییەکانی دەوڵەتی تورکیا و شەهیدکردنی شەش هاوولاتی مەدەنی لە شیلادزێ، خۆپیشاندانی گەورە دژی کردە سەربازییەکانی تورکیا و بوونی سەربازگەی تورکی لە ناوچەکەدا ئەنجامدرا. لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا ئەیاز نامەیەکی لە "ماسنجەر" پێدەگات کە دەڵێت هێزی ئەمنی بەرەو شیلادزێ بەڕێکەوتوون، ئەویش وەڵامدەداتەوەو دەڵێت "سوپاس."

**هاریوان عیسا** تۆمەتبارکرا بەوەی کە:

- کارتێکی مۆبایلی ٥٠٠٠ ی ناردووە بۆ ئەیاز کەرەم.
- زانیاری بە شێروان شێروانی داوە  سەبارەت بە کێڵگەیەکی نەوتی نایاسایی لە سیمێڵ، کە خۆی خەڵکی ئەوێ یە.

**ئەو بەڵگانەی کە لە دژی ئەو چالاکوان و ڕۆژنامەنوسانە پێشکەشکران بۆ تۆمەتبارکردنیان بە  کاری <u>پیلانگێڕی و ئەنجامدانی کردەی توندوتیژی</u> بەم جۆرەی خوارەوە بوون:**

- گوتەی نووسراوی شایەتحاڵێک کە هاوڕێی شێروانە و باس لەوە دەکات کە شێروان ئەوەی خستۆتەڕوو کە پیلانی ئەنجامدانی کاری توندوتیژی هەبووە. شایەتەکە لە ناو هۆڵی دادگاییەکەدا ئامادە نەبوو، دادوەرەکەش داوای پارێزەرانی بەرگریکاری ڕەتکردەوە کە داوایانکرد ڕاستەوخۆ پرسیار لە شایەتەکە بکەن و وەڵامیان دەستبکەوێت.

- بەشداریکردنی هەر پێنج کەسەکە لە گرووپ چاتێکدا. دەقی ئەو گتوگۆیانە لە کاتی دادگاییەکەدا خوێنرانەوە. گفتوگۆکان پێکهاتبوون لە ڕەخنەگرتن لە حکومەت و پارتە سیاسییەکان، بەڵام هیچ شتێک نەخرایە ڕوو کە ئەو پێنج کەسە هانی توندوتیژیان دابێت، یاخود پیلانی کاری تێکدەرانەو کوشتنیان هەبووبێت.

- چەند وێنەیەک لە گرووپەکە ئاڵوگۆڕ کرابوون، داواکاری گشتی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو وێنانە، وێنەی ئەو کەسانەن کە لەلایەن گرووپەکەی شێروان بە ئامانج گیرابوون بۆ تیرۆرکردن.

- ئەیاز کەرەم و شڤان سعید لە گرووپێکی تری چاتدا بەشداربوون کە ڕەخنەیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییەکان گرتووە. کەسیان ئەوەیان بۆ یەکتر پێشنیازنەکردووە کە پلانی کاری توندوتیژی ئەنجام بدەن. تەنانەت بەهۆی ناچالاکی و کەمی قسەکردنەوە شڤان سعید لە یەکێک گرووپەکان دەسڕدرێتەوە و دەردەکرێت.

- دادگا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی تۆمارکراوی لێدا، وەک بەڵگەیەک کە گوهدار زێباری داوای لە چالاکوانی مەدەنی "مەکی ئامێدی"[4] کردووە کە فەیسبووکی شێروان شێروانی هاک بکات و ناچالاکی بکات دوای ئەوەی لە ٢٠٢٠ دەستگیردەکرێت. گوهدار ڕەتی کردەوە کە ئەو دەنگە تۆمارکراوەی ناو پەیوەندییە تەلەفونییەکە هی ئەو بێت. دادوەر بەو داوایەی پارێزەرانی بەرگریکار ڕازیبوو کە لێکۆڵینەوەو پشکنین لەو دەنگانە بکرێت لەلایەن خەڵکانی شارەزاوە بۆ دڵنیابوونەوە، بەڵام پشکنینەکە ئەنجام نەدرا.

تاکە چەک و تەقەمەنی کە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە دۆزرابێتەوە کە خاوندارییەکەی بۆ ڕۆژنامەوانان و چالاکانی بادینان بگەڕێتەوە چەکێکی ڕاوکردن بووە کە هێزە ئەمنییەکان لەکاتی دەستگیرکردنی گوهدار زێباریدا دەستیان بەسەرداگرتبوو. لەکاتی دەستگیرکردنیدا گوهدار بەسەرەدان لە ماڵی خوشکەکەی دەبێت، بە ووتەی خۆی هاوسەری خوشکەکەی خاوەنی تاپۆکەیە. کاتێک پارێزەرانی بەرگریکار سەرنجی دادوەریان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو بەڵگانە باوەڕپێهێنەر نین بۆ پیلانی هێرشکردن، پارێزەرانی ئەنجومەنی ئاسایش وەڵامیان دایەوەو کە دادوەر دەبێت فشار لە شێروان شێروانی بکات بۆ ئاشکراکردنی شوێنی ئەندامانی گرووپە چەکدارییەکەی بۆ ئەوەی دەستگیربکرێن.

---

4 دادگای هەولێر فەرمانی دەستگیرکرنی بۆ مەکی ئامێدی دەرکردووە، کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژی

لەکاتی دادگایکردنەکەدا دانپێدانانی هەر پێنج چالاکوانەکە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا خرانەڕوو. هەر پێنجیان ئەوەیان ئاماژەیان بەوەدا کە دانپێدانەکانیان لە ژێر فشاردا پێکراوە و دانپێدانانەکان دەقیقنین. شێروان بە دادوەری ووت کە لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا ئەشکەنجەدراوە و پێیگوتراوە کە ئەگەر بێت و واژۆی دانپێدانەکە نەکات ئەوە هاوژینەکەی ئەتک دەکرێت. شارەزایانی یاسا لە کوردستان باس لەوە دەکەن کاتیک کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەشکەنجەدراوە، ئەوە بە پێی یاسا دادگاییکردنەکە دەبێت هەڵپەسێردرێت و دووبارە لێکۆڵینەوە ئەنجامبدرێت.[5]

# نیگەرانی قوڵتر

بڕیارەکەی دادگا بووە مایەی دروستبوونی ڕای گشتی، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق، دادوەران، نوێنەری حکومەتی وولاتان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕەخنەیان لەو بڕیارە گرت کە دادوەر و داواکاری گشتی بە ئەرکی ڕاستەقینە و یاسایی خۆیان هەڵنەستاون و بەڵگەی باوەڕپێهێنەر نەخرانەڕوو، هەروەها هەژموونی حزبی کاریگەری لە بڕیارەکە کردووە.

لە پێش دادگاییکردنەکە، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی بەیانکرد، "ئەوانەی لە زینداندان چالاکوان و ڕۆژنامەوان نین. ئەوانە بەرگی ڕۆژنامەوان و چالاکوانیان لەبەرکردووە بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی وەک فڕاندن و کوشتنی خەڵکانی بیانی و تەقاندنەوەی باڵەخانەکانیان."[6] ئەم تۆمەتانەی حکومەتی کورستان کاریگەری هەبوو لەسەر پرۆسەی دادگاییکردنەکە و دواتریش بڕیارەکەی دادگا.

٢١ چالاکوانی تر"چەند سەرچاوەیەک باس لە نزیکەی ٧٠ چالاکوانی تردەکەن" کە ڕەخنەیان لە حکومەت گرتووە و بەشداریان لە خوپیشاندانی ئاشتیانە کردووە، لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٠وە لە زیندانی ئاسایشی گشتی هەولێر دەستبەسەرکراون و تا ئێستا بەرواری دادگاییکردنیان نادیارە. دووانیان، بەدەل بەرواری و ئومێد بەروشکی، کە ئەوانیش بە هەمان تۆمەتی ئەندامبوون لەو گرووپەکەی کە گوایە شێروان شیروانی سەرکردایەتی کردووە تاوانبارکرابوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست دادگا بڕیاریدا بە دووبارە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانیاندا.

هەر لەدوای دەستگیرکردنی شێروان، گوهدار، ئەیاز، شڤان و هاریوان بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامەوان و چالاکوانانەی کە ئاگاداری کارە ڕۆژنامەوانی و مەدەنییەکانی ئەو دەستگیراوانە بوون و هاوخەمیان بوون، لەڕێگەی ئۆنلاینەوە گفتوگۆیان لەسەر ئەو بابەتە دەکرد و کەنگەشەی دەستگیرکردنەکانیان دەکرد۔ لە ئێستادا

5 ماددەی ١٢٦ و ١٢٧ لە یاسای ڕێکارەکانی دادگای عێراقی ژمارە ٢٣ی ساڵی (١٩٧١)
6 https://www.youtube.com/watch?v=G2toGuwMS-Q

مەترسی ئەوە هەیە کە ئەو چالاکوان و ڕۆژنامەنوسانەش کە لەسەر ئەو باسە قسەیان کردووە بە تۆمەتی "هاوکاریکردن" تاوانبار بکرێن. دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردن بۆ ئەیهان سەعید برای شڤان سەعید لەسەر گفتوگۆیەکی ماسنجەر لە نێوان ناوبراو و ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ و بەرگریکاری مافی مرۆڤ نیاز عەبدوڵڵا بەڵگەی ئەو ترسە هەستپێکراوەیە.

تیمەکانی بونیادنەری ئاشتی نیگەرانە لەوەی کە بڕیارەکەی دادگا نەک هەر بۆ سزادانی ئەو پێنج کەسەیە کە باسیان لە گەندەڵی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کردبوو بەڵکو ڕێگایەکە بۆ سنووردارکردنی کاری ڕۆژنامەوانان و بەرگریکارانی مافی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا. بڕیارەکەی دادگا بۆ زیندانیکردنی هاونیشتیمانیانی عێراقی بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بەوەی کە قسەیان بۆ نوێنەری کۆنسوڵخانەی وولاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ڕەوشێکی ترسناک دەخوڵقێنێ بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین و هەڕەشەیەکی جددیشە بۆ سەر کار و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستانی عێراق.

# ڕاسپاردەکان

**تیمەکانی بوونیاتنانی ئاشتی داوا دەکات:**

- دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوەو دەستبەجێ بڕیاری ئازادکردنی شێروان شێروانی، گوهدار زێبار، شڤان سعید، ئەیاز کەرەم و هاریوان عیسا بدات، ئەویش بە هۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست و دادگاییکردنێکی نادادپەروەرانە کە لەم ڕاپۆرتەدا خرانەڕوو.

- ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان ڕێگە بە خانەوادەکان و ئەندامانی پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بدات کە سەردان و گفتووگۆی تەلەفونی لەگەڵ زیندانیەکاندا ئەنجام بدەن بە شێوەیەکی بەردەوام.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی بدات لەوەی کە ڕۆژنامەوانان و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پارێزراودەبن لە تۆڵەسەندنەوەی سیاسی، تەنانەت ئەو کاتانەشی کە ڕەخنە لە پارتە سیاسییەکان دەگرن.

- کۆنسوڵی گشتی وولاتان و نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە کوردستانی عێراق چەخت لە ئازادکردنی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی بادینان بکەنەوە و دژی ئەو هەڕەشانە بوەستنەوە کە دەکرێتە سەر ئەو کەسانەی دەنگ هەڵدەبڕن و باس لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەکەن.